United Nations A/C.3/59/L.25

# General Assembly

Distr.: Limited
15 October 2004

Original: English

**کۆبوونەوەی پەنجاونۆیەم**
**کۆمیتەی سێیەم**
بابەتی 98 ی ئەجندا
**پێشکەوتنی ئافرەتان**

**ئوستڕالیا، نەمسا، ئازەربایجان، بەلجیکا، برازیل، کەنەدا، کۆلۆمبیا، کرواتیا، قبرس، کۆماری چێك، دەنمارك، ئێلسالوادۆر، ئیستۆنیا، فنلەندا، ئەڵمانیا، یۆنان، هنگاریا، ئیرلەندا، ئیسراییل، ئیتالیا، ژاپۆن، لاتڤیا، لۆگزەمبۆرگ، هۆڵەندا، نیجریا، نەرویج، پۆڵەندا، پۆرتوگاڵ، ڕۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤنیا، ئیسپانیا، سوید، سویسرا، مەکەدۆنیای کۆنە کۆماری یۆگۆسلاڤیا، تورکیا، ئۆگاندا، شانشینی یەکگرتووی بەریتانیای گەورە و ئیرلەندای باکوور، کۆماری یەکگرتووی تانزانیا، ئورۆگوای و ڤانووتو: ڕەشنووسی بڕیار.**

## کارکردن لەپێناو نەهێشتنی ئەو تاوانانەی بەناوی پاراستنی شەڕەفەوە لەدژی ئافرەتان و کچان ئەنجام دەدرێن

*ئەنجومەنی گشتی،*

*جەخت دەکاتەوە* لەسەر ئەو بەرپرسایەتیەی لەسەرشانی هەموو وڵاتانی ئەندام دانراوە بەمەبەستی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە ئازادییە بنەڕەتییەکان، لەوانە مافی ژیان، ئازادی و پاراستنی تاکەکەس، بەو شێوەیەی لە بانگەوازی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ،[1] دەستنیشان کراوە و هەروەها جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە وڵاتانی ئەندام بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتنامانەی دەربارەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە مۆریان کردوە، لەوانە پەیمانی نێودەوڵەتی سەبارەت بە مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، [2] پەیمانی نێودەوڵەتی سەبارەت بە مافەکانی تاکەکەسی و سیاسی، [2] پەیمانی نەهێشتنی هەموو چەشنە هەڵاواردنێك لەدژی ئافرەتان[3] و پەیمانی پاراستنی مافەکانی منداڵ،[4]

*هەروەها جەخت دەکاتەوە* لەسەر ڕاگەیاندراو و پرۆگرامی چالاکی ڤیەنا[5] و ڕاگەیاندراوی نەهێشتنی توندوتیژی لەدژی ئافرەتان،[6] و هەروەها ئەو ئامانج و پەیمانانەی لە ڕاگەیاندراو و پلاتفۆرمی چالاکی لە بێیجینگ کە لە چوارەمین کۆنفرانسی جیهانی ئافرەتاندا[7] پەسند کرابوون، و ئەنجامی بەڵگەنامەی دەرچوو لە

---

[1] بڕیاری ژمارە (III) A 217.
[2] بڕوانە بڕیاری ژمارە (XXI) (A) 2200، پاشکۆ.
[3] بڕیاری ژمارە 34/180، پاشکۆ.
[4] بڕیاری ژمارە 44/25، پاشکۆ.
[5] A/CONF.157/24 (بەشی 1)، فەسڵی III.
[6] بڕوانە بڕیاری ژمارە 48/104.
[7] *ڕاپۆرتی چوارەمین کۆنفرانسی جیهانی ژنان، بێیجینگ، 4-1995/9/15* (لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی وڵاتە یەکگرتووەکان، ژمارەی فرۆش E.96.IV.13)، فەسڵی 1، بڕیاری ژمارە 1، پاشکۆی I و II.

04-55912 (E) 191004
*0455912*

دانیشتنێکی ڕیزپەڕی ئەنجوومەنی گشتی بەناوی 'ئافرەتان لەساڵی 2000: یەکسانیی ژن و پیاو، پێشکەوتن و ئاشتی بۆ سەدەی بیست و یەکەم'،[8]

*بیرهێنانەوەی بڕیارەکانی* ژمارە 57/179 ی ڕۆژی 2002/12/18 و 58/147 ی ڕۆژی 2003/12/22 و هەروەها بڕیاری ژمارە 2004/46 ی ڕۆژی 2004/4/20[9] ی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ،[9]

*هەروەها بیرهێنانەوەی* بڕیاری 58/185 ی ڕۆژی 2003/12/22، کە تێی دا داوای توێژینەوەیەکی قووڵ و هەمەلایەنەی سەبارەت بە توندوتیژی لەدژی ژنان کرابوو، لەوانە ئەو تاوانانەی بەناوی پاراستنی شەرەفەوە لەدژیان ئەنجام دەدرێن، و هەروەها بڕیاری ژمارە 57/190 ی ڕۆژی 2002/12/18، کە تێیدا داوای توێژینەوەیەکی قووڵ و هەمەلایەنەی کردبوو سەبارەت بە توندوتیژی لەدژی منداڵان،

*بەلەبەرچاو گرتنی* ئەو ڕاستیە کە وڵاتانی ئەندام لەسەریانە بەشێوەیەکی پێویست پێش بە ڕوودانی ئەم جۆرە تاوانانە بگرن، لەبارەیان بکۆڵنەوە و بکەرانی ئەم تاوانانە سزا بدەن کە بەناوی پاراستنی شەرەفەوە لەدژی ژنان و کچان ئەنجام دەدرێن و قوربانیانی ئەم جۆرە تاوانانە بپارێزن، و ئەگەر ئەم کارە نەکەن ئەوا دەبێتە پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤی و ئازادییە بنەڕەتییەکان،

*تەئکید دەکاتەوە* کە پێویستە هەموو ئەو توند و تیژییەی کە لەدژی ژنان و کچان ئەنجام دەدرێن، تەنانەت ئەو تاوانانەی بەناوی پاراستنی شەرەفەوە لەدژیان ئەنجام دەدرێن، بە تاوانی شیاوی سزادران بەپێی یاسا لەقەڵەم بدرێن،

*هەروەها تەئکید دەکاتەوە* کە پێویستە هۆکار و بناغەکانی توند و تیژی نواندن لەدژی ژنان دیاری بکرێن، بەتایبەتی ئەو تاوانانەی بەناوی پاراستنی شەرفەوە لەدژیان ئەنجام دەدرێن، کە بە شێوەی جۆراوجۆر ڕوو دەدەن،

*ئاگادارە* لەوەی کە نەبوونی زانیارییەکی ڕێکوپێك سەبارەت بە حاڵەتەکانی توندوتیژی نواندن لەدژی ئافرەتان، و لەوانە ئەو تاوانانەی بەناوی پاراستنی شەرەفەوە ڕوو دەدەن، بووەتە لەمپەرێك لەسەر شیکردنەوەیەکی وشیارانەی سیاسەتی پێویست لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێونەتەوەیی و ئەو هەوڵانەی بۆ نەهێشتنی توند و تیژیی لەم جۆرە ئەنجام دەدرێن،

*زۆر نیگەرانە* لەوەی کە ژنان و کچان هێشتا دەبنە قوربانی ئەو جۆرە تاوانانە، وەکو چۆن لە برگە پێوەندارەکانی ڕاپۆرتەکانی نووسراو لە کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ، کۆمیتەی نەهێشتنی هەڵاواردن لەدژی ژنان، کۆمیتەی مافی منداڵان و کۆمیتەی مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا نووسراوە و هەروەها لەو تێبینیانەشدا ئاماژەی پێکراوە کە لە ڕاپۆرتە یەك لەدوای یەکەکانی ڕاپۆرتەری تایبەتیی کۆمسیۆن سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ دەربارەی توند و تیژی نواندن لەدژی ژنان، هۆیەکان و دەرئەنجامەکانی دەستنیشان کراون،[10]

*بەرجەستە کردنی* ئەو ڕاستیە کە ئەو جۆرە تاوانانە بەپێچەوانەی هەموو ئایین و نرخە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان ئەنجام دەدرێن،

*هەروەها بە بەرجەستە کردنی* ئەوەی کە نەهێشتنی ئەو تاوانانەی لەناوی پاراستنی شەرەفەوە لەدژی ژنان و کچان ئەنجام دەدرێن هەوڵ و تەقەلا و کۆششێکی کۆڵنەدەرانە و بێپشوودانی لایەنە حکومییەکان و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەخوازێ، و هەروەها پێویستە بگوترێ کە لەم بوارەدا هاوکاری کردن و یەکدەنگی نێودەوڵەتی، و کۆمەڵگای مەدەنی لەوانە ڕێکخراوە ناحکومییەکان زۆر گرنگە و پێویستە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بواری کۆمەڵایەتیشەوە پێك بێت،

*گرنگیەکی تایبەتیش* دەدات بە بەهێزتر کردنی ژنان و بەشداری کردنی چالاکانەیان لە بواری بڕیاردان و حوکمڕانی وەکو ئامرازێکی هەرەبەهێز و کاریگەر لەپێناوی پێشگرتن و نەهێشتنی ئەو تاوانانەی بەناوی پاراستنی شەرەفەوە لەدژی ژنان و کچان ئەنجام دەدرێن،

---

8 بڕیاری ژمارە S-23/3، پاشکۆ.

9 *بڕوانە ڕاپۆرتە رەسمییەکانی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، 2004، پاشکۆی ژمارە 3* (E/2004/23)، فەسڵی II، بەشی A.

10 E/CN.4/2002/83، بەشی 21–37.

1. *بەخێرهێنانی ئەمانە دەکات:*

(*a*) راپۆرتی سکرتێری گشتی سەبارەت بە نەهێشتنی توندوتیژی لەدژی ژنان،[11]

(*b*) چالاکی و پێشدەستیەکانی ولاتانی ئەندام بەمەبەستی نەهێشتنی ئەو تاوانانەی بەناوی پاراستنی شەرەفەوە لەدژی ژنان ئەنجام دەدرێن، لەوانە پەسندکردنی هەندێ هەموارکردنی یاسا نەتەوەییەکانی پێوەندار بەم جۆرە تاوانانە، چەسپاندنی کاریگەرانەی ئەم یاسا هەموارکراوانە و لەبەرچاو گرتنی لایەنەکانی پەروەردە، کۆمەلایەتی و لایەنەکانی وەکو زانیاری لەسەر ئاستی نیشتمانیی و کەمپەینی هوشیار کردنەوەی خەلك، و ئەو چالاکیانەی پێویستە لەلایەن ئەم ولاتەوە بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی توند و تیژی نواندن لەدژی ژنان ئەنجام بدرێن،

(*c*) هەوڵ و تەقەلای جۆراوجۆر، بۆوێنە ئەو پرۆگرامانەی لەلایەن رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بەرێوە دەبرێن، سامان و پرۆگرامی هەمەچەشنە، لەوانە سامانی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ خەلك، سامانی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ مندالان و سامانی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پێشکەوتنی ژنان، بەمەبەستی دەست نیشان کردنی کێشەی ئەنجامدانی تاوان لەدژی ژنان و کچان بەناوی پاراستنی شەرەف و هاندانیان بۆ ئەوەی هەولەکانیان رێك بخەن،

(*d*) ئەو کارانەی لەلایەن کۆمەلگای مەدەنی، و لەوانە رێکخراوە ناحکومییەکان، بۆوێنە کۆمەلەی ئافرەتان، جوولانەوە جەماوەرییەکان و تاکەکەسەکانەوە ئەنجام دراون بەمەبەستی وشیار کردنەوەی خەلك لەو تاوانانە و دەرئەنجامە خراپەکانیان،

2. *نیگەرانی خۆی دەردەبرێ* کە ژنان هێشتا دەبنە قوربانی ئەو تاوانانەی بەناوی پاراستنی شەرەفەوە لەدژیان ئەنجام دەدرێن، و روودانی ئەو تاوانانە لە هەموو شوێنێکی دنیادا بە شێوازی جۆراوجۆر و نەگیران و سزانەدرانی بکەرانی ئەم جۆرە تاوانانە،

3. *داوا* لە هەموو ولاتان *دەکات*:

(*a*) ئەرکی خۆیان بەگوێرەی ئەو رێکەوتنامە نێونەتەوەییانەی سەبارەت بە پاراستنی مافی مرۆڤ مۆریان کردوە بەجێ بگەیەنن و ناوئاخنی راگەیاندراو و پلاتفۆرمی چالاکی بێیجینگ [7] و بەلگەنامەی دەرچوو لە دانیشتنی ریزپەری ئەنجومەنی گشتی جێ بەجێ بکەن،[8]

(*b*) درێژە بە هەوڵ و تەلەکانی خۆیان بدەن لەپێناو پێشگرتن و نەهێشتنی ئەو تاوانانەی بەناوی پاراستنی شەرەفەوە لەدژی ژنان و ئافرەتان ئەنجام دەدرێن، جا بەهەر شێوازێك بێت، بە کەلك وەرگرتن لە دەسەلاتی یاسایی، ئیداری و دارشتنی بەرنامەی گونجاو،

(*c*) ئەو تاوانانەی بەناوی پاراستنی شەرەفەوە لەدژی ژنان و کچان ئەنجام دەدرێن زۆر بەوردی و بەشێوەیەکی هەمەلایەنە لێیان بکۆلنەوە، ئەنجامدەران و بکەرانی ئەو جۆرە تاوانانە دەست نیشان بکەن و بەشێوەیەکی یاسایی سزایان بدەن،

(*d*) هەولێکی زیاتر بدەن لەپێناو بەرز کردنی ئاستی وشیاریی خەلك بۆ پێشگرتن لە روودانی ئەو تاوانانەی بەناوی پاراستنی شەرەفەوە لەدژی ژنان و کچان ئەنجام دەدرێن، ئەمەش بەمەبەستی گۆرانکاری لەشێوەی ئەو بیرکردنەوە و روانین و هەلس و کەوتەی رێگا بە ئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانانە لەدژی ژنان و کچان دەدەن،

(*e*) هەولێکی زیاتر بدەن لەپێناو بەرز کردنەی ئاستی وشاریی خەلك سەبارەت بە بەرپرسایەتی پیاوان بۆ رێزگرتن لە یەکسانیی ژن و پیاو لە کۆمەلگا و رێزگرتن لە مافەکانی ژنان بۆ پێشگرتن لەو تاوانانەی بەناوی پاراستنی شەرەف لەدژی ژنان و کچان ئەنجام دەدرێن،

(*f*) هاندانی هەوڵ و کۆششی میدیاکانی گشتی بۆ بەرێوەبردنی کەمپەینی وشیارکردنەوەی خەلك،

(*g*) هاندان، پشتگیری کردن و چەسپاندنی پرۆژە و پرۆگرامی پێویست بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی زانیاری و تێگەیشتن لە هۆکار و ئەنجامی ئەو تاوانانەی بەناوی پاراستنی شەرەف لە دژی ژنان و کچان ئەنجام دەدرێن، لەوانە راهێنانی ئەوانەی بەرپرسی چەسپاندنی یاسان، وەکو پۆلیس و دادگا و فەرمانبەرانی کاروباری یاسایی، و دابین کردنی دەسەلاتێکی زیاتر بۆیان بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی بێلایەن و کاریگەر بەدوای هەموو ئەو گازندانەدا بچن کە لەپێوەندی لەگەڵ ئەو جۆرە تاوانانە ئەنجام دەدرێن و هەموو کارێکی پێویست

---

[11] A/59/281.

ئەنجام بدەن بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی ئێستا بوونەتە قوربانی ئەم تاوانانە هەروەها ئەوانەی لەژێر مەترسی ئەو جۆرە تاوانانەدان،

(*h*) درێژە بە پشتگیری خۆیان لە هەول و تەقەلای کۆمەڵگای مەدەنی لەوانە رێکخراوە ناحکومییەکان بدەن، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و بەهێز کردنی پێوەندی و هاوکاریی نێوان رێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان،

(*i*) لەو شوێنانەی پێیان دەکرێ خزمەتگوزارییەکانی پشتگیری بۆ قوربانیانی ئێستا و داهاتووی ئەم جۆرە تاوانانە دامەزرێنن، بەهێزتر بکەن یان رێگایان بۆخۆش بکەن، ئەمەش لە رێگای دەستەبەر کردنی پشتگیرییەکی گونجاو و بەجێ، پێشکەش کردنی دالْدە و پەناگایەکی سەلامەت و بێ مەترسی، دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریەکانی راوێژکاری، یارمەتی یاسایی، چاودێری تەندروستی، و چارەسەریی باری دەروونی و چارەسەریی تر بۆ قوربانیانی تاوانەکانی جنسی دەستەبەر بکەن و رێگا بۆ جێگیر کردنەوە و قەبوڵ کردنەوەیان لەنێو کۆمەڵگادا خۆش بکەن،

(*j*) بەدواداچوونەوەیەکی چالاکانەی ئەو گازندانەی لەپێوەندی لەگەڵ ئەو تاوانانە ئاراستە دەکرێن کەبەناوی پاراستنی شەرەفەوە لەدژی ژنان و کچان ئەنجام دەدرێن، ئەمەش لە رێگای دامەزراندن و بەهێزکردن یان پشتگیری کردنی میکانیزمە دامەزراوەییەکانەوە، بۆ ئەوەی قوربانیانی ئەم جۆرە تاوانانە و کەسانی تریش بتوانن بەبێ هیچ مەترسییەك و بە شێوەیەکی نهێنی گازندەی خۆیان ئاراستە بکەن،

(*k*) دەستخستن و کۆکردنەوەی زانیارییەکی ورد سەبارەت بە ژمارەی ڕوودانی ئەم جۆرە تاوانانە، لەوانە ئەو زانیاریانەی پێوەندیان بەتاوانەکانی سێکس و تەمەنەوە هەیە، و ئەم زانیاریانە بخەنە بەردەست سکرتریایەت بۆ ئەوەی لە راپۆرتی خۆی سەبارەت بە توند و تیژی نواندن لەدژی ژنان کەڵکیان لێ وەربگرێ، ئەمەش بەگوێرەی بریاری ژمارە 58/185 و راپۆرتی هەمەلایەنە سەبارەت بە توندی و تیژی نواندن لەدژی منداڵان بەگوێرەی بریاری ژمارە 57/190،

(*l*) کاتێك راپۆرتی خۆیان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتی خۆیان ئاراستەی لایەنە پێوەندارەکان دەکەن، لەو شوێنانەی پێویست بن، زانیاری دەربارەی ئەو چالاکی و هەوڵانە بدەن کە بەمەبەستی پێشگرتن لە روودانی ئەو رووداوانە ئەنجام دراون کە بەناوی پاراستنی شەرەفەوە لەدژی ژنان و کچان ئەنجام دەدرێن،

4. *داوا دەکات:*

(*a*) لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، وێرای رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، سامان و پرۆگرامەکان، و لەرێگای ئەوانەوە لەرێگای یارمەتی تەکنیکی و پرۆگرامەکانی خزمەتگوزاری راوێژکارانە، بۆ ئەوەی پشتگیری لە هەوڵ و تەقەلای هەموو وڵاتەکان بدەن لەسەر داوای خۆیان، لەپێناو بەهێزکردنی دەسەڵاتە حکومییەکان بۆ پێشگرتن لەو تاوانانەی بەناوی پاراستنی شەرەفەوە لەدژی ژنان و کچان روو دەدەن و ناسینی هۆکارەکانی ئەم جۆرە تاوانانە،

(*b*) لە هەموو ئەو لایەنانەی رێکەوتنامەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤیان مۆر کردوە و هەروەها راپۆرتەری تایبەتی سەبارەت بە توند و تیژی لەدژی ژنان و هۆکار و ئەنجامەکانی، کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بکەن،

5. *داوا* لە سکرتێری گشتی دەکات لە راپۆرتی خۆی کە لە شەشتەمین کۆبوونەوەی گشتیی ئەم رێکخراوە سەبارەت بە کێشەی توند و تیژی نواندن لەدژی ژنان ئاراستەی دەکات راپۆرتی خۆی سەبارەت بە چەسپاندنی ئەم بڕیارە رابگەیەنێ.